# ڕۆڵی شانۆی ئاهەنگسازی
# لە نمایشی شانۆی کوردیدا


**هونەرمەند ئەحمەد سالار عەبدولواحید**
قوتابی ماستەر/بەشی شانۆ
کۆلێژی هونەرە جوانەکان
زانکۆی سەلاحەددین
hunermend.salar@gmail.com

**د. ژیلوان تاهیر باپیر**


**پێشەکی:**

هونەری شانۆ بەهەردوو ڕوویەکەیەوە (تراجیدی)و (کۆمیدی) لە دووتۆ و نێوەندی ئاهەنگە ئاینییەکانی (دیۆنیسیۆس)ی یۆنانییەوە لە سەرەتای سەدەکانی پێش زاینییەوە سەری هەڵدا و بەو شێوەیەی ئاهەنگێکی ئاینی بوو، لەو ئاهەنگەدا بەشێوەی سەرەتایی شانۆ لە پێشدا کۆرس و سەماکاران و مۆسیقاژەنان و گۆرانیبێژان هەمووان بەشدارییان دەکرد ، ڕۆژ بەڕۆژ پەرەی سەند و تاکو وەهای لێهات شانۆ کاتێك کە جیا بوویەوە لە دۆخە ئاینییەکە سەربەخۆیی بەدەست هێنا، بەو چەشنە دەکرێت سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆی ئاهەنگسازی لە مێژوودا بگەڕێنینەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ لە یۆنان و بەو جۆرە شانۆ بە ئاهەنگسازی سەری هەڵدا، کوردیش هاوکات لەگەڵ بەرەوپێش چوونی شانۆ و سەرهەڵدانی ڕەوتەکانی شانۆی جیهانی هەنگاوی ناوە و بەرەو پێش چووە بەپێی سەردەمەکان، وەك سەرەتایەك لە شانۆی کوردیدا بەو پێیەی پێشتر بەو شێوەیە نەبوو بەڵکو جۆرێك بوو لە لاساییکردنەوەی شانۆی عەرەبی یان عێراقی بوو، زۆربەی دەقەکان لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێردرابوو یان بەشێکیان بابەتی ڕۆمانە جیهانییەکان بوون، هەنگاوی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم چەشنە شانۆیە دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی هونەرمەند

(ئەحمەد سالار)، بەڵام دەکرێت بەچەشنێك بێت کە جیاواز لە شانۆی ئاهەنگسازیی نەتەوەکانی دیکە ، لای هەندێك نەتەوە زیاتر دۆخێکی ئاینی هەبووە، بۆ نموونە شانۆکانی گەورە هونەرمەندی مەغریبی (عبدالكريم برشيد) زیاتر سەرچاوەیەکی ئاینی هەبووە و گوزارشتی ئاینی بووە، بەڵام ئەو ئاهەنگسازییەی لەشانۆی کوردیدا بەرجەستە بوو لەلای مامۆستا (ئەحمەد سالار) پتر نەتەوەییە، خودی سەرەتای شانۆی ئاهەنگسازی لەدەقەوە دەست پێدەکات، چونکە ئەو دەقەی ئاهەنگسازی لەخۆ نەگرێت نابێت، لە نمایشی ئاهەنگسازی کوردیدا زیاتر پەیوەستە بەگەڕانەوە بەرەو ڕابردوو، گەڕانەوە بۆ کەلتووری نەتەوەیی، واتا چ لەڕەنگدا چ لە دەنگدا چ لە ئاوازدا چ لەڕووی جووڵەوە تەنانەت جل و بەرگیش گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، سەربووردەکان چ لەمێژووی دێرینی کوردەوە یان حەقایەت و داستانە دێرینەکان یان ڕووداوە مێژووییەکان لەوانەوە وەرگیراون و داڕشتراونەتەوە، مەبەستی سەرەکی هەمووشی بریتی بووە لەوەی بارودۆخە نەتەوەییەکە بەرەو باشتر ببرێت و بەرەو ئاسۆیەکی ڕووناك هەنگاو بنێین، ئەم شانۆیە توانی بینەری زیاتر لەخۆی بگرێت لەبەر چەند هۆکارێك یەك لەبەر ئەوەی کوردی بوو چونکە ئاشنای گیانی خەڵك و بینەرەکە بوو، لە سەروو ئەوەشەوە بابەتی شانۆکە هاندەر و بزوێنەر بوو بۆ بینەرانی زیاتر و پتر، کە دەڵێین شانۆی ئاهەنگسازی ئاهەنگ هەمەجۆری هەیە بۆنموونە ئاهەنگ شینە هەیە خۆشییە ، هەیە بۆ سەرکەوتنە یان هەر جۆرێکی دیکە،

بەو جۆرە نمایشی شانۆی ئاهەنگسازیی کوردی ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەبووە لە بزاڤی شانۆی ناوچەکەدا و خاوەنی پەیامی تایبەتی خۆی بووە لە هەموو کات و ڕۆژگارەکاندا.

## بەشی یەکەم

### ١-کێشەی توێژینەوە:

شانۆی ئاهەنگسازی ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرین و کۆنی هەیە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆوە لە ئەغریق شێوازی نمایش ئاهەنگسازی بوو و تا بەرەو پێش چوونی بەخۆیەوە بینی و ئاهەنگسازی بووە ڕەوت و شێوازێکی تایبەت لە شانۆدا ، لەم توێژینەوەیەدا دەمەوێت بڵێم کاریگەری شانۆی ئاهەنگسازی بە نمایشی شانۆی کوردییەوە چییە؟ یاخود شانۆی کوردی چۆن توانیویەتی سوود لە ئاهەنگسازی وەربگرێت؟ یان دەکرێت بڵێین ئەم توێژینەوەیە وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە دەڵێت پەیوەندیی شانۆی ئاهەنگسازیی جیهانی بە نمایشی شانۆی کوردییەوە چییە؟

### ٢- گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانێکە بۆ گەنگەشەکردن و دیراسەتکردنی ڕەوتی شانۆی ئاهەنگسازی بەگشتی و کاریگەری و ڕەنگدانەوە و وجوودی لەناو شانۆ و نمایشی شانۆی کوردیدا، خستنە ڕووی بایەخ و گرنگی بوونی شانۆی ئاهەنگسازی کوردییە کە دەکرێت وەك ناسنامەیەکی شانۆی نەتەوەیی کوردی تەماشای بکەین، هەروەها دەکرێت بڵێین ئەم توێژینەوەیە بەرچاوڕوونییەکە بۆ جیاکردنەوەی شانۆی ئاهەنگسازی کوردی لە شانۆی مەغریبی و دەرهێنانی لەژێر ئەو دەستەواژەیەی کە پێیوایە شانۆی ئاهەنگسازی کوردی بەشێکە لە لاساییکردنەوەی شانۆی ئاهەنگسازی عەرەبی، بەڵکو لەم توێژینەوەیەدا بەڕوونی جیاوازییەکانی هەردوو شانۆم خستۆتە ڕوو کە دەکرێت لە دەرئەنجامدا شانۆی ئاهەنگسازی کوردی وەك شانۆیەکی تایبەت و سەربەخۆ ببینین.

### ٣- ئامانجی توێژینەوە:

هەر توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونێکی ئەکادیمی و هونەری بێ شك مەرام و مەبەستێك و ئامانجێکی ڕوونی هەیە، ئەگەر هەر نووسینێك ئامانجێکی دیاریکراو یاخود چەند ئامانجێکی گرنگی نەبێت ئەوا نووسینێکی ناتەواوە و کرچ و کاڵ، گومان لەوەدا نییە منیش لە هەڵبژاردنی ئەم بابەتی توێژینەوەیەم چەند

ئامانجێکی گرنگی بابەتەکەم هەیە کە دەکرێت لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێبکەم و بیانخەمە ڕوو لەوانە:

١.باسکردن و ئەنالیزکردنی فیکر و فەلسەفەی شانۆی ئاهەنگسازی .

٢.خستنە ڕووی تایبەتمەندی و خەسڵەت و خاڵە گەوهەرییەکانی شانۆی ئاهەنگسازی.

٣.ڕەنگدانەوەی شانۆی ئاهەنگسازی لە نمایشی شانۆی کوردیدا.

٤.سەرهەڵدان و پێشڤەچوونی شانۆی ئاهەنگسازی کوردی.

٥.تایبەتمەندی شانۆی ئاهەنگسازی کوردی و جیاوازی لەگەڵ شانۆی ئاهەنگسازی عەرەبی.

٦.ڕەنگدانەوە و سوود وەرگرتن و ڕۆڵی کەلەپوور لە شانۆی ئاهەنگسازی کوردی.

٧.ڕۆڵی شانۆی ئاهەنگسازی کوردی لە پێشکەشکردن و خزمەتکردن بەدۆزی نەتەوەی کورد.

## ٤- سنووری توێژینەوە:

لە سێ ڕووی سەرەکییەوە دەکرێت باسی سنووری توێژینەوەکەم بکەم:

أ- سنووری بابەتی (الموضوعی): ئەم توێژینەوەیە کە لەسەر دوو بابەتی سەرەکییە کە بریتین لە:

یەکەم: شانۆی ئاهەنگسازی جیهانی . دووەم: شانۆی ئاهەنگسازی کوردی.

ب- سنووری کاتی (الزمنی): سەبارەت بە چوارچێوە و زەمەنی بابەتی توێژینەوەکە زیاتر گەنگەشە کردنە لە سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ڕەوتی شانۆی ئاهەنگسازی لە کوردستاندا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی (هەشتاکانی) سەدەی پێشوو و بەردەوامیەتی هەیە سنووری کاتەکە داخراو نییە و کۆتایی نەهاتووە، وردتر ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٧).

ت- سنووری شوێنی (المکان): توێژینەوەکە باسکردنی سەرهەڵدانی و گەشەسەندنی ڕەوتی شانۆی ئاهەنگسازییە لە جیهاندا بەگشتی و لە مەغریب و کوردستان لە (هەولێر و سلێمانی) بەتایبەتی وەکو سنوور و چوارچێوەی شوێنی.

## ٥- دیاریکردنی دەستەواژەکان:

أ- ڕۆڵ: بریتییە لەو کەسایەتییە درامییە کە ئەکتەر بەرجەستەی دەکات لەڕێگەی هونەرەکەیەوە لەسەر تەختەی شانۆ، بەڵام ڕۆڵی شانۆیی بریتییە لە کۆمەڵێك یان زنجیرەیەك شانۆیی کە چارەسەری کێشەیەك دەکات کە چەند کەسایەتییەك پێی هەڵدەستن. (حمادە، ١٩٧١، ١٦٠).

ب- شانۆ: یەکێکە لە فۆڕمەکانی هونەر تیایدا ئەکتەرەکان تێکستێکی نووسراو وەردەگێڕن بۆ نمایشێکی نواندن لەسەر تەختەی شانۆ، ئەکتەرەکان بەیاریدەی دەرهێنەر کارەکتەرەکان و هەڵوێستەکانی نێو تێکستەکە کە لەلایەن نووسەرەوە داهێنراوە لەسەر شانۆ بەرجەستەی دەکەن. (بەرزنجی، ٢٠٠٨، ٥٧).

شانۆ: لە کتێبی (هونەری شیعر)دا (ئەرستۆ) دەربارەی شانۆ لە پێناسە ناودارەکەیدا بە ڕستەیەك گوزارشتی لێدەکات و دەڵێت (( بریتییە لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی بەرزی تەواوەتی)) . (أرستو، ١٩٧٣، ١٨ )

پ- شانۆی ئاهەنگسازی: بەو چەشنە شانۆیە دەوترێت کە پڕۆژە هونەرییەکان لەڕێی ئاهەنگەوە کاریگەری و ڕەنگدانەوە مێژووییەکانی ڕاستەقینەی شارستانییەتی میللەتی تێدا دەخرێتە ڕوو، چونکە وەکو دەڵێن ئاهەنگ دیوانی میللیی گەلە و هەموو بوارە گشتییەکانی کۆمەڵگای تێدا دەخرێتە ڕوو. (ڕێبوار، ٢٠٠٤، ١٩٣).

ت- نمایشی شانۆیی: گومان لەوەدا نییە کە نمایشی دەقی شانۆیی لەسەر تەختەی شانۆ بەرامبەر بە بینەران جیاوازە لە بەرجەستەکردنی خوێندنەوەی دەق، لەبەر ئەوە نییە کە خوێندنەوە تاکییە و نمایش گشتی و بەکۆمەڵە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە هێما و ئاماژەکان کە لە دەقی خوێندراو تەنها پێشبینی کراوە بەڵام لە نمایشدا بەرجەستە کراوە و کاریگەری لەسەر بینەر دروست دەکات. (سلام، ٢٠٠٦، ١٥٦).

ج- ئاهەنگ : لە کتێبی (هونەری شیعر)ی (ئەرستۆ تالیس)دا لە پێناسەیەکدا دەڵێ : بریتییە لەگێڕانەوەی هیچی و کەمی لەلایەن خەڵکەوە، لە هەموو ڕوویەکی کەم و کورییەوە نییە، بەڵام لە ڕوانگەی کۆمیدیاوە دەبێتە بەشێك لە ناشرین، یاخود ئەو لایەنی گێڕانەوەیەیە کە پێکەنین دەورووژێنێت و دەهێنێتە ئاراوە لە کرداری ناشرینەوە یان خەسڵەتی ناشرینەوە. ( أرستو ، ١٩٧٣، ١٦).

## بەشی دووەم

### تەوەری یەکەم:

### ١-١ / تیۆری شانۆی ئاهەنگسازی:

دەکرێت تیۆر و بنچینەی شانۆی ئاهەنگسازی بۆ دوو ڕەگەزی سەرەکی بگەڕێنینەوە کە پەیوەستە بە لایەنی هزری و ئامانجیی، یاخود پەیوەستە بە لایەنی جوانی و هونەری، کە دەکرێت تایبەتمەندییەکانی شانۆی ئاهەنگسازی لەم چەند خاڵەدا ڕوون بکەینەوە :

١- شانۆ هاوشێوەی جەژن و ئاهەنگ و دیدار: هەر وەك چۆن گەورە نووسەر و دەرهێنەری مەغریبی (عبدالكريم برشيد) پێیوایە کە شانۆی ئاهەنگسازی لەسەر ئاهەنگ و جەژن و بۆنەکان بنیاد نراوە، چ جا بۆنەکان ئاینی یان نیشتیمانی یان کەلتووری بن، خودی شانۆش لە سەرەتاوە و لە سەرهەڵدانیەوە بریتی بوو لە جەژن و ئاهەنگ لە (دینیسیوس)ەوە، کەواتە شانۆی ئاهەنگسازی خۆشی و ئاهەنگ گێڕانە و هاوشێوەی کەرنەڤاڵ و فێستیڤاڵێکی گەورەیە کە وەك جەژنێکی بەکۆمەڵە.

٢- شکاندنی دیواری چوارەم: بۆ بەدیهێنانی پەیوەندییەکی زیندوو لە نێوان ئەکتەرەکان و بینەران وا پێویست دەکات کە دیواری وەهمیی نێوان ئەکتەر و بینەران لابرێت، پشت بەستن بە تیۆری (برتۆلد برێخت) کە دیواری چوارەمی لابرد، لەناو ڕووداوی ئاهەنگسازی نواندن بە هاوشێوەی گەمەیەکی گشتی و بەکۆمەڵ دەبێ، کە لەناو ئەو ئاهەنگ و گەمەیەدا بەهرە هەمەچەشن و هەمەجۆرەکان دەردەکەون لە گێڕانەوە و گۆرانی و سەماکردن، کە بەو جۆرە هەماهەنگی و تێکەڵبوون لە نێوان بینەران و ئەکتەرەکان دروست دەبێ و دیواری چوارەم بوونی نامێنێت.

٣- بەشداریکردنی بەکۆمەڵ: ئاهەنگسازی پشت دەبەستێت بە بەشداریکردنی بەکۆمەڵ، یاخود دەکرێت بڵێین هەرەوەزی و کاری کۆمەڵ تایبەتمەندی و خاسیەتێکی سەرەکی شانۆی ئاهەنگسازییە، کە تێیدا بەهرەمەندە شانۆکارەکان بەدیداری بینەرانیان شاد دەبنەوە بۆ پێشکەشکردنی ئاهەنگێك کە دەبێتە هۆی هاتنەدیی پەیوەندیەکی زیندوو لەنێوانیان، بەو پێیەی کە خەڵك کۆبوونەوە شانۆ بوونی هەیە و ئاهەنگ خۆی بریتییە لە ژوانێکی گشتگیر، کە چەند چین و

کۆمەڵێکی جیاواز لە چوارچێوەیەکدا کۆدەبنەوە و لەو دیدارەوە شانۆ لەدایك دەبێ و خۆشی و هەموو جۆرە دەربڕینەکان لەدایك دەبن، کە بناغەی هەموو دەربڕینێك بریتییە لە بوونی ئەوانی تر و هەڵچوون و هەماهەنگی و پەرچەکرداریان لەبەرامبەر دەربڕین و ڕووداوەکاندا.

• شانۆی ئاهەنگسازی هونەرێکی گشتگیر و تەواوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە کۆمەڵێك هونەری وەکو (گێڕانەوە و سەما و گۆرانی و میوزیك) و یەکانگیر بە کۆمەڵێك بابەتی ئەدەبی و بۆنە و مەراسیمی میللی کە دەکرێت بۆنەی ئاینی بن وەك ئەوەی لە شانۆی (عبدالکریم برشید) لە مەغریبدا بوونی هەیە یان ڕەنگدانەوەی هزری نەتەوەیی وەك ئەوەی لە شانۆی (ئەحمەد سالار)دا بوونی هەیە لە کوردستان.

• شانۆی ئاهەنگسازی بریتییە لە هەستکردنێکی ویژدانی بەخۆشی ئاهەنگسازی کە لەڕێگەی کردارێکی درامی دەستە جەمعیەوە لە ڕێگەی کۆمەڵێك ئامرازی هونەری هەمەجۆرەوە کە تێیدا نەستی بینەر دەدوێنێت دەچەسپێتە هزر و بیریەوە.

• ئاهەنگسازی بریتییە لە هەست بەر لە هەموو شتێك، هەستێکی گشتی لەناو پانتاییەکی گشتیدا.

• شانۆی ئاهەنگسازی وەك دیاردەیەکی میللی وایە، بەو پێیەی زیاتر پەیوەستە بە بیرەوەری و بابەتە کەلەپوورییە میللییەکان و دەکرێت بڵێین زیاتر ڕۆچۆتە ناو خەڵك و یەکانگیرە بە ژیان و ڕابردوو و ئایندەی خەڵکەوە، کە دەکرێت وەك دیاردەیەکی ئاهەنگگێڕانی میللی سەیر بکرێت.

• شانۆی ئاهەنگسازی هەوڵدانێکە بۆ بەزاندنی سنوورەکان و شانۆیەکی ئینسانییە، بەو پێیەی کە جەخت لەسەر ئاهەنگ و خۆشییە میللییەکان دەکاتەوە، لە هەموو ئاهەنگسازییەکدا دوو لایەن بوونی هەیە:

یەکەم: لایەنی مرۆیی: کە چەسپاوە و نەگۆڕە.

دووەم: لایەنی هەرێمی: کە ئەمیان گۆڕاوە و ئامادەی گۆڕانە و ڕێژەییە.

• شانۆی ئاهەنگسازی ڕووداوێکی درامی زیندووە، بەشێوەیەك کە بەردەوامیەتی هەیە و بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، وەهەم و شتێکی نامۆ نییە بەڵکو

گێڕانەوە و نمایشکردنی ڕووداوێکە کە لەڕابردوودا بوونی هەبووە، شانۆی ئاهەنگسازی کۆمەڵێك ڕێگای نوێی تاقیکردەوە لە شانۆدا بە پشت بەستن بە یادەوەری کەلەپووری.

• یەکێك لە تایبەتمەندی و خاسیەتە هەرە سەرەکییەکانی شانۆی ئاهەنگسازی ئەوەیە کە بەردەوام گەڕانە بەدوای بەکارهێنانی شتی نامۆ و تایبەت و سەرسوڕهێنەر و دەرچوونە لە چوارچێوەی بەکارهێنانی شتی دووبارە و بەڵکو هەمیشە نوێگەری تێدایە کە ئەمەش دەکرێت وەك خاسیەتێکی زیندوویی ئەم جۆرە ڕێچکە شانۆییە تەماشا بکرێت.

## ٢-٢ /کەسایەتی لە شانۆی ئاهەنگسازیدا:

یەکێك لە تایبەتمەندی و خەسڵەتە سەرەکییەکانی شانۆی ئاهەنگسازی بریتییە لە زۆری و هەمەجۆری کەسایەتییەکان، چ جا کەسایەتی واقیعی بن یان کەسایەتی مەرجەعی و تایبەت بن، ئاهەنگسازی جەختکردنە لەسەر ڕووداوی ژیان، شانۆی ئاهەنگسازی هێندە جەخت لەسەر ڕووداوی درامی و بینای ئەندازیاری و زەخرەفی ناکات هێندەی جەخت لەسەر کەسایەتییەکان دەکات، بەو مانایە نییە کە بایەخ بە لایەنەکانی تر نادات، بەڵکو بەواتای ئەوەی کەسایەتی ڕەگەزی سەرەکی شانۆکەیە .

•هەماهەنگی کەسایەتییەکان: بەو پێیەی سەما و گۆرانی بەشێکی گرنگن لە پێکهاتەی شانۆی ئاهەنگسازیدا، زۆر جار کەسایەتییەکان پێکەوە سەما دەکەن و ڕۆڵ دەگێڕن لە بنیادنان و دروستکردنی کوتلەی تایبەت بە ڕووداوەکان، هەماهەنگی و یەکخستنێکی تایبەت لە نێوان کەسایەتییەکان بوونی هەیە لە دروستکردنی کوتلە و کەشە تایبەتەکانی ناو شانۆییەکە کە زۆر جار بینەر بە بینینی ئەو دیمەنانە هەست بەو هەماهەنگی یەکخستنە دەکات.

• هەمەجۆریی کەسایەتییەکان: خاسیەتێکی تری شانۆی ئاهەنگسازی بریتییە لە بوونی ژمارەیەکی زۆری کەسایەتیی هەمەجۆر، کە دەکرێت بۆ سەر چەند گرووپ و بەشێك دابەش بکرێن، لەوانە کەسایەتییە ئاسایی و لاوەکییەکان، کەسایەتییە مێژووییەکان، کەسایەتی سەرکردە و پیاوانی ئاینی و کەسایەتییە ناسراوەکان،

کەسایەتی ناو داستان و چیرۆکە دێرینەکان، کەسایەتی حەقایەتخوان کە ئەویش میحوەری سەرەکی ناو شانۆی ئاهەنگسازییە کە کاری گێڕانەوەی هەیە و ڕۆڵێکی بەرچاو دەگێڕێت لە گێڕانەوەی چیرۆکەکان و بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی درامی.

• بنیادنانی کەسایەتی لە ناو شانۆی ئاهەنگسازیدا گرنگی و تایبەتمەندیی خۆی هەیە، پێویستە ئەکتەر لە شانۆی ئاهەنگسازیدا بۆ بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکان چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت لەوانە:

١- توانای سەماکردنی هەبێت.

٢-دەنگی باش بێت بۆ گۆرانی گوتن.

٣-گوێی مۆسیقی هەبێت و تاڕادەیەك شارەزایی میوزیکی هەبێت.

٤- جووڵەی پەهلەوانی بزانێت بۆ هەندێك دیمەنی تایبەت.

٥- جەستەیەکی وەرزشی و باشی هەبێت .

## تەوەری دووەم:

### ٢- ١/ ڕۆڵی سینۆگرافیا لە شانۆی ئاهەنگسازیدا:

سینۆگرافیا لە شانۆی ئاهەنگسازیدا پانتاییەکی فراوان داگیر دەکات، بەو پێیەی دەکرێت شانۆی ئاهەنگسازی وەك شانۆیەکی هەم میللی و هەم کەلەپووری تەماشا بکەین، بۆیە لەم جۆرە شانۆیەدا سینۆگرافیا شوێن و پێگەیەکی گرنگ و فراوانی هەیە، تا ئەو ڕادەیەی ڕۆڵێکی بەرچاو و مەزن دەگێڕێت لە گێڕانەوە و بەرەو پێش چوونی ڕووداوەکان، ئەتمۆسفێری شانۆی ئاهەنگسازی بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە و سینۆگرافیا ڕۆڵی بەرچاو دەگێڕێت لە دروستکردنی ئەو کەش و ئەتمۆسفێرە تایبەتە کە دەبێتە بەشێکی سەرەکی شانۆییەکە.

ئەتمۆسفێر (کەش): لەڕێگەی بەرهەمهێنانی بابەتێکی هونەری دیاریکراوەوە لەدایك دەبێت، هێزی گواستنەوەی کۆمەڵێك هەستی تایبەتە بۆ کۆمەڵێك دیمەن، کرۆك و گەوهەری بابەتەکان و سیفاتەکانی بە کەش ناودەبرێت. (دین، ١٩٧٢، ١٥).

### دیکۆر و کەرەستەکان:

لە شانۆی ئاهەنگسازیدا بەو پێیەی بنچینەی شانۆکە کەلەپوورە بۆیە دەکرێت دیکۆر لەم شانۆیەدا جۆرێك لە شێوەیەکی کەلەپووری پێوە دیار بێ و بەبینینی دیکۆرەکە هەست بە کات و زەمەنی ڕووداو و چیرۆکەکان بکەین، هەمەچەشنی و ڕەنگاو ڕەنگی و ئاڵ و واڵایی لە دیکۆردا یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە شانۆیە، کە دەکرێت لە دیکۆر و باگراوندی شانۆدا ڕەنگاو ڕەنگی بەکاربێت.

• ئەو کەرەستانەی بەکاردێن بۆ دیکۆر کە دەشێت هەندێکیان جووڵاویش بن ئەوانیش دەکرێت زۆر جار سوود وەرگرتن بێت لە کەلوپەلی فۆلکلۆری و کەلەپووری و دووبارە بەکارهێنانەوەیان ، بۆ نموونە لە شانۆیی (گەمەکەی جاران) کە لە نووسین و دەرهێنانی (م. ئەحمەد سالار)ە و ساڵی (٢٠١١) لە یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆی هەولێر لە هۆڵی (میدیا) نمایش کرا، تێیدا جۆرێك لە (چیغی ئەسمەر پێچ) بەکارهاتبوو کە جۆرە چیغێکە ڕەوەندەکان بەکاریدەهێنن، لەو شانۆییەدا بەکار هاتبوو وەکو دیکۆر کە لەهەمان کاتدا جوڵاویش بوو کە چەندین جووڵەی پێدەکرا کە ئەویش کەرەستەیەکی کەلەپوورییە لەو شانۆییەدا وەك دیکۆر بەکارهێنرابوو.

**جل و بەرگ و ئێکسسوار و ئارایشت:**

•جل و بەرگی شانۆ: بریتییە لەو پۆشاکانەی ئەکتەرەکان لەبەریدەکەن لەسەر شانۆ، وەك وەڵامێك بۆ ئەو ڕاستییەی کە دەڵێت: مادام دراما پێویستی بە کارەکتەرکردن هەیە، بۆیە یاریزانەکان دەبێت خودی خۆیان بشارنەوە و ئەو پۆشاکانەی کە بۆ ئەکتەرەکان دروست دەکرێن پەیوەستن بە چاخ و زەمەن و باری کۆمەڵایەتی و جوگرافی ئەو کەسایەتییەی ئەکتەر ڕۆڵی دەگێڕێت. (حمادە، ١٩٧١، ٧١)

بەهەمان شێوەی دیکۆر دەکرێت جل و بەرگ و ئێکسسوارەکان لەم جۆرە شانۆیەدا کەلەپووری یان نەتەوەیی بن، واتا جل و بەرگی تایبەتی ئەو نەتەوەیە بن، کە دەکرێت ئێکسسوار و جل و بەرگ وەك ڕەگەزێکی سەرەکی گەیاندنی پەیام و مەسجی شانۆییەکە تەماشا بکرێن و لەڕێگەیانەوە سوود ببینرێت لە دروستکردنی کوتلەکان لەسەر تەختەی شانۆ، بەهەمان شێوە ئارایشتیش تایبەتمەندی هەیە و زیاتر مایك ئەپێکی واقیعیە و ڕوخساری کەسایەتییەکان ڕۆشن و جوانە و دوورە لە شێوە و ڕوخساری ناباو، تەنها لە هەندێك حاڵەت نەبێ کە کەسایەتییەکی فانتازی یان مێژوویی دێت یان شێوە و ڕوخساری حەقایەتخوان کە وا پێویست و ناسراوە دووچاوی زەق و سمێڵێکی بابڕ و برۆیەکی ڕەش و ڕوخسارێکی پڕی هەبووە ئەوەش لەڕێگەی ئارایشتەوە دەگەیەنرێت.

• ئارایشتی ئاسایی سیمای کاراکتەری ئەسڵی دەپارێزێت، دەتوانێ بەتەواوەتی کەسێك بگۆڕێ بۆ یەکێکی دی، لەتوانایدایە تەمەنی کەسێك گەورەتر بکات، هاوکات دەتوانێ دەموچاوێ لاواز یاخود قەڵەو بکات، یان پڕی بکات لە چرچ و لۆچ. (بەرزنجی ، ٢٠٠٨، ١١).

**ڕووناکی:**

بەو پێیەی ڕووناکیش ڕەگەزێکی سەرەکییە لە سینۆگرافیا و بنیادنانی ئەتمۆسفێرێکی گونجاو و تایبەت بۆیە لە شانۆی ئاهەنگسازیدا ڕۆڵ و پێگەیەکی تایبەتی هەیە و بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ ڕەگی دیکۆر و جل و بەرگ و ماکیاج ئەتمۆسفێرێکی گونجاو دێتە ئاراوە کە تایبەت و پەیوەست بێت بە ستایلی شانۆی ئاهەنگسازیدا، بەهەمان شێوەی جل و بەرگ و دیکۆر لە ڕووناکیشدا ڕەنگ ڕۆڵی سەرەکی هەیە و ڕەنگاو ڕەنگی و هەمەڕەنگی بەدیدەکرێت و بەو ڕێگەیە کەشێکی گونجاو بنیاد دەنرێت.

**میوزیك و ئامێرە میوزیکییەکان:**

میوزیك و گۆرانی پێکهێنەرێك و ڕەگەزێکی سەرەکی شانۆی ئاهەنگسازین، بۆیە میوزیك و ئەو ئامێرە میوزیکییانەی بەکاردێن تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، بەهەمان شێوەی ڕەگەزەکانی تر میوزیك و ئامێرە کەلەپوورییەکان بەکاردێن کە ناسنامە و ناوی ئەو نەتەوەیەن، بۆ نموونە لە شانۆی ئاهەنگسازی کوردیدا ئەو میوزیك و گۆرانییانە بەکارهاتوون کە فۆلکلۆرین و تایبەتن بە مێژوو و کەلەپووری نەتەوەی کورد و ئەو ئامێرانەی بەکاریش هاتوون بەهەمان شێوە پەیوەستن بە مێژوو و کەلەپووری نەتەوەوە کە زیاتر ئامێری دەف و عوود و سەنتور بەکار هاتووە کە زیاتر ئامێری سوونەتین،

• لە هەندێك شانۆیی ئامێری میوزیك وەك بەشێك لە دیکۆر و ئێکسسواریش ڕۆڵیان دیوە بۆ نموونە لە شانۆیی (نالی و خەونێکی ئەرخەوانی) لەنووسین و دەرهێنانی (م. ئەحمەد سالار) ئامێری دەف بەکار هاتووە کە بەدەست ئەکتەرەکانەوەیە کە هەم وەك ڕیتم و میوزیك بەکاریدەهێنن و لە هەمان کاتدا کوتلە و شێواز و جوولەی پێدەکەن و وەك ئێکسسوار و دیکۆر ڕۆڵیان پێ بەخشیوە.

**٢- ٢/ کەلەپوور:**

• کاتێك باس لە کەلەپووری نەتەوەیی دەکەین مەبەستمان لەو ڕۆشنبیری و شارستانیەتەیە کە بۆمان ماوەتەوە، کەلەپووری مرۆییش بریتییە لەو بەرهەمانەی کە

گەورە نووسەر و ئەدیب و شاعیر و هونەرمەند و ڕۆشنبیرەکانمان بۆیان بەجێهێشتووین. (غەمبار ، ٢٠١٥، ١٥٢).

• کەلەپوور ئامادەییەکی هەمیشەیی لەناو داستان و ئەفسانە میللییەکاندا هەیە، هیچ میللەتێکی سەر ڕووی زەمین، ناتوانێت بێ ئەفسانە و بێ فۆلکلۆر و کەلەپوور بژیت، بەشێوازێك کەلەپوور ڕەگێکی هەمیشەیی لەناو بیر و باوەڕ و داب و نەریتی میللەتاندا هەیە، بێ ئاگا بوون لە کەلەپوور ، بێ ئاگا بوونە لە ژیان و زیندەگی، ڕابردووی مرۆڤ زۆر جار لەناو هەناوی کەلەپووردا چەندین تێز و ڕوئیای تازە بۆ ژیان دەدۆزێتەوە، کەم نین ئەو بیرمەند و شانۆکارانەی کە گەڕاون لەناو ئەفسانە و داستانە میللییەکانی ڕۆژهەڵات ، دەکرێت (ئارتۆ و کرۆتۆفسکی) وەك دوو نموونەی زۆر دیاری شانۆ ناو بەرین.

• لەشانۆی ئاهەنگسازیدا کەلەپوور کەرەستە و ڕەگەز و هەوێنێکی سەرەکییە و ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە، دەکرێت وەك خەسڵەت و کرۆك و تایبەتمەندی شانۆی ئاهەنگسازی تەماشای بکەین، بەو پێیەی شانۆی ئاهەنگسازی شانۆیەکە پەیوەستە بە گێڕانەوە و نمایشکردنی بابەتە داستانی و مێژوویی و میللییەکانی نەتەوەیەك، کەواتە کەلەپوور زادەی ئەو شانۆییەیە و ئامادەگییەکی زۆری هەیە لە پانتایی شانۆی ئاهەنگسازیدا و خودی شانۆی ئاهەنگسازی دەشێت وەك شانۆیەکی کەلەپووری میللی تەماشا بکرێت و بناسێنرێت.

• کەلەپوور ڕۆچۆتە ناو تەواوی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شانۆی ئاهەنگسازی و لە هەموو بەشەکانیدا بوونی هەیە و ئامادەیە بۆنموونە:

دەق لە شانۆی ئاهەنگسازیدا: هەوێن و کەرەستە و بنیادی دەق لە شانۆی ئاهەنگسازیدا بریتییە لە پشت بەستن بەکەلەپوور و مێژووی نەتەوە و میللەت، داستان و چیرۆك و سەربوردە کەلەپووری و فۆلکلۆرییەکان زۆر جار بەشێکی سەرەکین لە پێکهاتە و بنچینەی دەقی شانۆی ئاهەنگسازی.

**دیالۆگ لە شانۆی ئاهەنگسازیدا:**

دیالۆگ/بریتییە لەو قسانەی کە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر دەکرێت، زۆر جار شێوازی دیالۆگ بۆ خستنەڕووی بابەتێکی فەلسەفی یان فێرکاری یان هەر بابەتێکی تر بەکاردێت. (حمادە ، ١٩٧١، ١٣٥).

**دیالۆگ لە شانۆدا تایبەتمەندە بەچەند خاڵێك:**

١- ڕۆڵ دەگێڕێت لە بەرەوپێش بردنی ڕووداوە درامییەکان.

٢- دەربڕی ئەو کەسایەتیەیە لە ڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و بایۆلۆجی.

• لە شانۆی ئاهەنگسازیدا دیالۆگ پانتاییەکی فراوانی هەیە و تایبەت ئەو دیالۆگ و گێڕانەوانەی لەڕێگەی کەسایەتی (حەقایەتخوان)ەوە بەرجەستە دەبن کە زیاتر گێڕانەوەی چیرۆك و بەسەرهاتە کەلەپوورییەکان و زمان و شێوازی دیالۆگەکان پوخت و کەلەپووری و ڕەسەنن، واتا زمانی ئاخافتن لە شانۆی ئاهەنگسازیدا سەرچاوەی مێژوو و کەلەپووری بەسەرەوەیە.

• ڕەنگدانەوە و ڕۆڵی کەلەپوور لە سینۆگرافیای شانۆی ئاهەنگسازی:

وەك لە بەشی یەکەمی دەروازەی دووەمدا ئاماژەم بە ڕۆڵ و گرنگیی سینۆگرافیا دا لە شانۆی ئاهەنگسازی، بەهەمان شێوە هەوێن و سەرچاوەی ئەتمۆسفێر و سینۆگرافیا لە شانۆی ئاهەنگسازیدا بریتییە لە کەلەپوور، واتا لە دیکۆر و ئێکسسوار و جل و بەرگ و تەواوی کەرەستەکاندا کەلەپوور ڕۆڵی هەیە ئەویش بەدوو جۆر:

یەکەم: یان ئەوەتا سوود لە کەرەستە فۆلکلۆری و کەلەپوورییەکان وەردەگیرێت و لەناو شانۆکەدا بەکاردەهێنرێت.

دووەم: یاخود بە کەرەستە و کەلوپەلی تر لاسایی کەرەستە کەلەپوورییەکان دەکرێتەوە و هاوشێوەیان دروست دەکرێت و بەکار دەهێنرێتەوە.

کەلەپوور بریتییە لە بەردەوامەتییەکی ڕۆشنبیری لەسەر ڕێڕەوێکی فراوان، لەبواری شوێن و کاتدا، لەسەر بناغەی پێکهاتەیەکی بەردەوام لە ڕۆشنبیریی گشتی کە ماوەیەکی دوور و درێژ دەگرێتەوە لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. (تەنیا ، ١٩٨٥، ٢٨).

• بۆیە دەکرێت بڵێین کەلەپوور هەمیشە کەرەسەیەکی باش بووە بۆ دروستکردن و بەرەو پێش بردنی شانۆیەك بەناوی ئاهەنگسازی، کە هەمیشە بەسوود وەرگرتن و بەکارخستنی کەلەپوور بەرەو پێش چووە و کەلەپوور بۆتە ڕەگەزێکی

سەرەکی بۆ هەمەچەشن و هەمەڕەنگیی ئەم شانۆیە، چ جا شانۆیەکی ئاهەنگسازی ئاینی بێت کە چیرۆك و دەقە ئاینییەکان هەوێنین، یاخود شانۆی ئاهەنگسازی نەتەوەیی کە داستان و چیرۆك و ڕووداوە مێژوویی و کەلەپوورییە نەتەوەییەکان هەوێن و کرۆکین، بۆیە ناکرێت کە باس لە شانۆی ئاهەنگسازی بکەین و ڕۆڵ و گرنگیی کەلەپوور نەخەینە ڕوو ، چونکە کەلەپوور دەکرێت وەك بناغە و بنچینە و ڕەگەزێکی سەرەکی پتەوی شانۆی ئاهەنگسازی بناسێنین و پێناسە بکەین.

## تەوەری سێیەم:

### ٣- ١/ شانۆی ئاهەنگسازیی کوردی:

شانۆی ئاهەنگسازی یان ئاهەنگگێڕی بەو چەشنە شانۆیە دەوترێت کە پڕۆژە هونەرییەکان لە ڕێی ئاهەنگەوە کاریگەری و ڕەنگدانەوە مێژووییەکانی ڕاستەقینەی شارستانییەتی میللەتی تێدا دەخرێتە ڕوو، بەو پێیەی ئاهەنگ بریتییە لە دیوانی میلیی گەل لە هەموو بوارە گشتییەکانی کۆمەڵگادا.

• ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە شانۆی ئاهەنگسازی لە وڵاتە عەرەبییەکان لە ساڵانی (حەفتاکاندا) وەك ڕەوتێکی تازە دەرکەوت و دیارتر لەوڵاتی (مەغریب) سەریهەڵدا لە ڕێی بەرهەمەکانی (عبدالکریم برشید)ەوە، سەبارەت بەوەی کە ئایا شانۆی کوردی سوودمەند بووە لە شانۆی ئاهەنگسازی عەرەبی؟ ئەوە بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەشێت لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و دیراساتی تایبەتی بۆ بکرێت تا دەگەینە دەرئەنجامێکی باوەڕپێکراو.

• لە کوردستاندا یەکێك لەدیارترین تیپەکانی کە لە بواری ئاهەنگسازیدا کاری کردووە تیپی (شانۆی سالارە)و هونەرمەند (ئەحمەد سالار) زۆرترین کاری تێدا کردووە و بەڕای بەشێك لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران بە (ڕابەری شانۆی ئاهەنگسازی کوردی) ناودەبرێت و هەر لەسەر ئەو ستایلی کارکردنەش چەندین توێژینەوەی لەسەر کراوە و کە نامەی ماجستێر و تێزی دکتۆرای لەسەر وەرگیراوە کە دواهەمینیان تێزی دکتۆرای (د. کەمال غەمبار) بوو بە ناونیشانی (أحمد سالار رائدا و مؤسسا للمسرح الاحتفالي الكردي المعاصر) کە بەزمانی عەرەبییە و بەوردی و فراوانی باسی لەو شانۆیە کردووە و خاسیەت و تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندووە .

• (حەمید ڕێبوار) لە وەسفی شانۆی سالاردا دەڵێ: تیپی شانۆی سالار توانیویەتی سیمایەکی گەشی ئاهەنگسازی بۆخۆی دروست بکات و لەڕێی کارە ئەزموونگەرییەکانیەوە شانۆیەکی جیاواز و نوێ بۆخۆی دابمەزرێنێت وەك سەرەتایەك بیکاتە بنەمایەك بۆ دۆزینەوە یاخود بنیادنانی ناسنامەی شانۆی کوردی. (عبدالواحد ، ٢٠٠٤، ١٩٣).

• شانۆی ئاهەنگسازی کوردی سوودمەند بووە بە کەڵك وەرگرتن لە بوارە بەرفراوانەکانی پڕ لە ئەزموون و خەون و خەیاڵ و ویست و ئاواتی ئاکارە میللییەکان و واقعی کوردەواری وەکو خۆی بخاتە ڕوو و چوارچێوەیەك بۆ شوێن و کات دروست بکات و ڕەهەندە مرۆییەکان کە لە نێوانیاندا لە هارمۆنیایەکی ناسکدا گەڵاڵە بکات.

• خودی شانۆ لە ڕەمەکێکەوە دەست پێدەکات کە پێیدەڵێن ڕەمەکی لاساییکردنەوە، بەڵام زیرەکیی هونەرمەند لەوەدا دەردەکەوێت کە چۆن ئەو ڕەمەکە تێدەپەڕێنێت و سیمایەکی جیاواز و نوێ بۆخۆی بهێنێتە کایەوە و خۆی بۆ ناوەندە کەلتوورییەکان و بۆ مێژوو بسەلمێنێت کە ئەویش ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە.

• شانۆی ئاهەنگسازی کوردی و دروستتر شانۆی سالار هەوڵێکی یەکجار جدی و یەکلاییکەرەوەیە لە پێناو ڕزگارکردنی شانۆکارانی کورد لە نمایشکردنی داهێنانی شانۆکارانی گەلانی دیکە، ئەمەش دەبێتە تایبەتمەندی شانۆی کوردی.

• شانۆی ئاهەنگ ئامێز پانتایی و فەزایەکی بەرفراوانی هەیە، بۆیە لە تایبەتمەندیی تاکە کەسییەوە دەردەچێت ، بەواتایەکی دی دەبێت تاك لە خودی خۆی دەربچێت دەنا ئەو ئاهەنگسازییە جێبەجێ ناکرێت.

• شانۆی ئاهەنگسازی پێویستی بە کاری کۆمەڵی ڕاستەوخۆ هەیە و مەسەلەی هاوبەشەکانی کۆمەڵانی خەڵکی بەیەکەوە دەبەستێتەوە و شوێن و کاتی پێ داگیر دەکات.

• شانۆی ئاهەنگسازی کردەی داهێنانی هونەری و تەقەڵای هونەرمەندە بۆ گەشەسەندن و ئەفراندن ، بۆ ئەوەی دەقە ئەدەبییەکە لەبارە وشکیەکەی دەربکات و بیکاتە دەقێکی ئەدەبیی ناسکی خاوەن ڕوخسارێکی هونەرییانەی بە پێز.

### ٣- ٢ / ئەزموونی شانۆی ئاهەنگسازی مەغریبی و شانۆی سالار:

قسەکردن و گەنگەشەکردن دەربارەی شانۆی ئاهەنگسازی مەغریبی و وردتر شانۆی (عبدالکریم برشید) و لەبەرامبەردا شانۆی ئاهەنگسازی کوردی و بەتایبەت شانۆی (سالار) پێویستی بەهەڵسەنگاندن و توێژینەوە و لێکدانەوەی ورد و ئەکادیمییانە هەیە، لە نێوانیاندا کۆمەڵێك خاڵی هاوتا و هاوشێوە بوونیان هەیە و

لەهەمان کاتدا لە فکر و گەوهەردا دەشێت کۆمەڵێك جیاوازی بەدی بکرێت کە دەبێتە هۆی جیاکرانەوەی هەردوو شانۆ لەیەکتر و تەماشاکردنیان وەك دوو ڕەوت و ستایلی جیاواز و تایبەت.

ئەگەرچی پێش هەموو شتێك دەبێ ئەوە بزانین کە شانۆی ئاهەنگسازی مەغریبی خاوەنی ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆی نییە، چونکە نەیتوانیوە خۆی لە ئەزموونی تراجیدیا بکاتەوە. (جامی ، ٢٠٠٠، ٩).

بەوپێیەی (عبدالرحمن بن زیدان) کە ئیمزای لەسەر چەند بەیاننامەیەکی ئاهەنگسازی کردووە و دەڵێ ((دابڕانێك نادۆزیتەوە لە نێوان ئەزموونی شانۆی ئاهەنگسازی و ئەزموونە کۆنەکان)). (عبدالواحد ، ٢٠٠٤، ١٤٦).

• شانۆی سالار بۆ چوارچێوە دەرەکییەکەی ئەزموونەکەی هەوڵیداوە سوود وەربگرێت لە جیهانی خۆیەوە و مامەڵەی لەتەکدا بکات، بۆیە ئەگەر شانۆی ئاهەنگسازی مەغریبی توانیویەتی سوود لە ئاینی ئیسلام وەربگرێت و لە سرووتی ئەو ئاینە نزیك ببێتەوە، ئەوا دەکرێت بڵێین (شانۆی سالار)یش بۆ دۆزینەوە و گەڕان هەوڵی بە شانۆکردنی سرووتی زەردەشتیەت بدات، ئەو تەکنیکەیە نەك سالار بەڵکو ئاهەنگسازە عەرەبییەکانیش دەستبەرداری نەبوونە.

• تایبەتمەندییەکی تری شانۆی ئاهەنگسازی لای سالار بریتییە لە دروستکردنی سرووت (طقس) کە دەکرێت بڵێین سرووتی ئەو ئاهەنگە شانۆییە کە ((گۆچان و دەف و داری عود و گۆرانی و ئاواز و مۆسیقا)) دەگەڕێنێتەوە نێو نمایش (دەق)، واتا لەم ڕێگەیەوە و لەڕێی بەکارهێنانی ئەو ئامێر و کەرەسانە کەشێکی تایبەت دەبەخشێت بە شانۆییەکە و بینەر وابەستەی کارەکە دەکات و زۆر جار لە هەندێك لە شانۆییەکاندا کار لەسەر هەموو هەستەکان دەکات تەنانەت هەستی تامکردنیش! دەشێ ئەم جۆرە دەربڕینە مایەی سەر سوڕمان بێت بەڵام گەر بە وردی باسی هەستەکان بکەین وەك هەستی بینین بۆ بینەر بریتییە لەو دیمەنانەی بەچاو دەیبینێت، هەستی بیستن گوزارشت دەبێت لە دیالۆگ و گۆرانی و میوزیك، هەستی بۆنکردنیش لە شانۆی ئاهەنگسازیی سالاردا بوونی هەیە ئەویش بەبەکارهێنانی بوغورد و بۆنی گوڵاو و داری عوود لە هەندێك لە شانۆگەریەکانیدا و کۆتا هەستیش

کە هەستی تامکردنە لەچەند کارێکی شانۆییدا بۆ نموونە لە شانۆیی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) سالار لە ناو شانۆگەریەکەدا لەڕێگەی ئەکتەرەکانەوە شەوچەرە و شیرینی بەسەر بینەراندا دابەش دەکرد کە ئەمەش بەشێکی ترە لەتایبەتمەندیەتی شانۆی ئاهەنگسازیی سالار کە بینەر وەك بەشێکی دانەبڕاو لە شانۆکە دەبینێت.

• بەشێوەیەکی گشتی شانۆی ئاهەنگسازیی مەغریبی و شانۆی ئاهەنگسازیی کوردی تایبەت شانۆی سالار لەزۆر ڕووەوە لە یەك دەچن و لەهەندێك ڕووەوەش جیاوازن و دیارترین جیاوازی کە دەکرێت وەك خاڵی سەرەکی جیاواز لە نێوان شانۆی (برشید) و شانۆی (سالار)دا بەدی دەکرێت بریتییە لەوەی:

١- شانۆی ئاهەنگسازیی (عبدالکریم برشید) شانۆیەکی میللییە پشت بەستووە بە بابەتی ئاین و هزری ئاینی سەرچاوە و هەوێنیەتی.

٢- شانۆی ئاهەنگسازیی (سالار) هزری نەتەوەیی و نیشتیمان پەروەری سەرچاوە و هەوێنیەتی.

دەربارەی هەردوو شێوازی ئاهەنگسازیی مەغریبی و کوردی، گەورە نووسەر و ڕەخنەگر و فەیلەسووفی شانۆی مەغریبی (عبدالکریم برشید) دەڵێت:-

((هونەرمەند و نووسەری شانۆی کوردی ئەحمەد سالار بووە خاوەنی ڕابەرایەتیکردنی شانۆی ئاهەنگسازی کوردی لە کوردستانی عێراق، شانۆکەی شانۆیەکی ڕەسەنە لەڕووی شێوە و ناوەڕۆکەوە و خودانی کیانێکی تایبەت بەخۆیەتی، شانۆی ئەحمەد سالار هەوڵی کۆکردنەوەیەك دەدات لەنێوان ژیانەوەی کەلەپووری کوردی و ئیلهام بەخشی و داهێنان لەڕووی دیدگای واقیعیانە بۆ کێشە کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیریی سەدەکە)). (غمبار ، ٢٠١٤، ١١٤).

## بەشی سێیەم

### ١- نامۆبوون بەنموونەی شانۆیی ئاهەنگسازی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ):

شانۆیی ((ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ)) کە یەکێکە لە شانۆییە ئاهەنگسازییەکانی تیپی شانۆی سالار لەلایەن (م. ئەحمەد سالار)ەوە نووسراوە لە دەرهێنانی هونەرمەند (ئەرسەلان دەروێش)ە لە ڕۆژانی ١٥-١٦-١٧-٢٠٠٢/٢/١٨ لە هۆڵی دەزگای شەهید لەشاری هەولێر نمایش کرا، شانۆییەکە بە شێوازێکی تایبەتی ئاهەنگسازییە کە لە دیوەخانێکی کوردەواریدا لە ڕێگای دەستەیەك لە ئاهەنگگێڕانەوە دەگێڕدرێتەوە، ئەوەی مایەی سەرنج و قسە لەسەر کردنە بریتییە لەو کەڵك وەرگرتنە ( کوردانە)یە بوو لە چەمکی نامۆبوونەکەی برێخت.

• نامۆبوون (التغريب): لای برێخت چەمکی نامۆبوون واتا ((نامۆکردنی شتە باو و ئاساییەکان))، وێنەی نامۆکراو واتا نمایشی شتێك. (بەرزنجی ، ٢٠٠٨، ٩١).

لەدوای ئەزموونە بەپێزەکانی (قاسم محەمەد و عەونی کەڕومی و ئیبراهیم جەلال) سەبارەت بە تەوزیفی چەمکی نامۆبوونی برێخت لە بەرهەمە جیاوازەکانیاندا و هەوڵدانیان بۆ داهێنان و گۆڕین و هەموارکردن لەهەر گۆشەیەکەوە بۆیان بلوێت، شانۆکارێکی کورد لە شانۆ داستانییەکەی برێختدا قووڵ دەبێتەوە و تێڕوانینە درامییەکانی دەکوردێنێت، گەر بەوردی لە دیمەنە جیاوازەکانی شانۆیی ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ بڕوانین، دەبینین کە نامۆبوونەکەی بە شێوازێك بەکارهێناوە کە وەك مۆنتاژکردنێکی سەرکەوتووانە دێتە بەرچاو، بەتایبەت ئەگەر لە نامۆبوون لە شانۆی (برێخت)دا ورد بینەوە بەتایبەتی لە (سێ خواوەندەکەی زیچوان)و (بازنەی تەباشیری قەوقازی)و (بۆنتێلا و پیاوەکەی مانتی)، دەبینین کە بابەتی نامۆبوون لەلای برێخت بریتییە لە بەرجەستەکردنی یاسا جیاوازەکانی دیالێکتێکی ماددی، وەك کار و کاردانەوە و گۆڕانی چەندی بۆچوونی و هتد...

کاتێکیش کە سێ خواوەندەکە لە شاری (زیچوان) لەگەڵ شانتی سۆزانیدا دەدوێن و ڕەهەندە مرۆییە ڕاستەقینەکانی مەسەلەکەیان بۆ دەسەلمێنرێت، دەبینین (برێخت) ئاوێتەکردنێکی لە نێوان ئەفسانەی (سێ خواوەندەکە)و لە نێوان واقیعدا (شانتی و دەوروبەرەکەی) ئەنجام دەدا و لەمیانەی یاسای یەکێتی دژەکان (قانون

وحدة الاضداد)ی دیالێکتییەوە دیمەنە بازنەییەکانی شانۆییەکەی دارشتووە، واتا نامۆبوون تەنها بەشێوازی نووسینی دەقە داستانییەکەوە نەبەستراوە، بەڵکو ئەو لایەنە دەترازێنێت بۆ شێوازەکانی دەرهێنان و نواندنیش، نووسەر هەر لە شێوازی نووسینی (ئەو ڕۆژەی ماسی بوو بەگورگ) دەردەکەوێت کە کاریگەری یەکجار گەورەی برێخت و شانۆ داستانییەکەی بەسەرەوەیە، بەڵام ویستی لە میانەی شێواز و تێڕوانینێکی تازەی جیاواز لەوانی تر، ئەو کاریگەرییە بەرجەستە بکات، نووسەر لەم شانۆییەدا هەوڵی داوە جۆرێك لە ئاوێتەکردن لە نێوان ئەفسانە و واقیعدا بکات، کە دەکرێت بڵێین ئەفسانەی مامۆستا سالار دوو ڕەهەندی هاوتەریبی یەکتری لەخۆگرتبوو:

**یەکەم: خەوزڕانی شارێك و بەهۆی ئەوەش خەون نەمان و شێواندنی لێکدانەوەکان.**

دووەم: لەدوای ئەو هەوڵە هەرەوەزییە بەردەوامەی کە ڕاکێشانی ماسییەکە بوو بە تۆڕی کامەرانەوە، کەچی سەرئەنجام ماسییەکە دەبێتە گورگ!

ئەگەر هەوڵی دۆزینەوەی پەیوەندیی نێوان ڕەهەندی یەکەم و دووەم بدەین ئەو کاتە واقیعە پڕ لە مەبەستەکەی نووسەرمان بۆ ئاشکرا دەبێت، چونکە گۆڕینی ماسی بۆ گورگ لەلای نووسەر بە ئەنجامێکی حەتمی خەوزڕانەکە دانابوو، یاخود بەواتایەکی دیکە هێڵە درامییەکانی ڕووداوە جیاوازەکانی ناو شانۆییەکە لە بوونی ماسی بەگورگ گەیشتە لووتکە.

نووسەر لەم شانۆیەدا توانیویەتی مەرجەکانی شانۆی داستانی بەجوانی ڕەچاو بکات کە لەچەند خاڵێکدا ڕەنگیان داوەتەوە کە دەتوانین لەمانەی خوارەوەدا گەڵاڵەیان بکەین:

١- لەکاتێکدا نووسەر جووڵەی هێڵی پاشا – وەزیر- دادوەری بەجۆرێکی تاکڕەوی کە لەواقیع دابڕاوە، نیشان دەدات، زۆر بەوردی و بەپەرۆشەوە جەختی لەسەر جووڵەی دەستەجەمعی هێڵە پۆزەتیڤەکەی شانۆنامەکەی دەکرد.

٢- بنیادنانی کەسایەتی شانۆنامەکە نەك تەنها بەپێی تێڕوانینی خودی برێخت، بەڵکو بەجۆرە ئیزافەکردنێك کە هەندێك جار لە داهێنانەوە نزیك دەبووەوە.

٤-لە زۆربەی شانۆنامە داستانییەکان کەسایەتی حەقایەتخوان بەدی دەکرێت و هەمیشە وەك نمایندەیەکی کۆمەڵ یان ویژدانی مرۆیی یان شایەدێك قسە دەکات یان ڕاستییەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەوەی لە حەقایەتخوانەکەی شانۆی سالاردا بەدی دەکرێت جۆرێکی جیاوازە لەوانی تر، چونکە لە هەندێك دیمەنی گرنگ و چارەنووسسازی شانۆگەرییەکەدا، ئاهەنگ گێڕان نەك تەنها قسەیان بەحەقایەتخوان دەبڕی و بواریان پێ نەدەدا کە ڕێچکەی ڕووداوەکان بەو جۆرە بڕوات کە ئەو دەیخوازێت، بەڵکو لە هەمان کاتیشدا دەیانویست ئاڕاستەی ڕووداوەکان لەلای خودی کۆمەڵ و بینەرانەوە دوابڕیاری لەسەر بدرێت.

• بۆیە لەم شانۆییەدا کاریگەری شانۆی داستانی (برێخت)و چەمکی (نامۆبوون) بەدی دەکرێت.

## بەشی چوارەم

### ١-بابەتی توێژینەوە و گفتوگۆکردنی:

هونەر بە هەموو بەشەکانیەوە لە سەرەتای دروستبوونیەوە هەمیشە شان بەشانی بوارەکانی تری ژیانی مرۆڤایەتی هەنگاوی ناوە و بەردەوام ڕۆڵ و پێگە و کاریگەری تایبەتی خۆی هەبووە، هەمیشە خاوەن هەڵوێست و پەیامی دیاریکراو بووە و بەردەوام کرۆکی پەیامەکانی هونەر لە خزمەت مرۆڤایەتیدا بووە و دژی ستەم و زۆرداری و ڕووەو ئاسۆی ڕۆشن و ئازادی و ئاشتی هەنگاوی هەڵهێناوە، هونەری شانۆش کە هونەرێکی ڕەسەن و زیندووە و هەمیشە ئامادەبوونی هەبووە لەگشت سەردەم و ڕۆژگارەکاندا و هەڵگری پەیامێکی ئامانجدار بووە، بابەتی سەرەکی ئەم توێژینەوەیەش باسکردنێکە دەربارەی شانۆی ئاهەنگسازی کە یەکەم ڕەوت و جۆری شانۆ بووە لە جیهان و خستنە ڕووی ڕۆڵی ئەو شانۆیە لە نمایشی شانۆی کوردیدا،گەنگەشەکردنی خاسیەت و ڕەگەز و تایبەتمەندیەکانی ئەو شانۆیەیە لەڕووی هونەری و هزریەوە بەپشت بەستن بەو بڕوایەی هونەر لە هزرەوە سەرچاوەی گرتووە و فکر مەڵبەندی ئەفراندن و داهێنانە، لە دووتۆی بەش و دەروازەکانی ئەم توێژینەوەیەدا بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان و بە زمانێکی پوخت گفتوگۆی تایبەتمەندیەکانی شانۆی ئاهەنگسازی کوردی کراوە و شێوازەکانی سوود وەرگرتنی شانۆی ئاهەنگسازی کوردی لە ڕابردوو و کەلتوور و مێژووی پڕ سەروەری نەتەوەی کورد کراوە و چۆنیەتی سوود وەرگرتن و بەکارخستنیان لەم جۆرە شانۆیەدا ئاماژە پێکراوە و بەنموونەی شانۆیی خراوەتە ڕوو، سینۆگرافیا بەگشت بەشەکانیەوە لە دیکۆر و جلوبەرگ و ئارایشت و ڕووناکی و ئێکسسوار و هەموو کەرەسەکانی تر کە لە شانۆی ئاهەنگسازیدا ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە باسی لێوە کراوە و ئەنالیز کراوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەم توێژینەوەیە گەنگەشەکردن و شەنوکەوکردنی شانۆی ئاهەنگسازی جیهانییە و بەشێوەیەکی تایبەتیش خستنەڕووی ڕۆڵ و تایبەتمەندی و گرنگیی ئەو شانۆیەیە لە نمایشی شانۆی کوردیدا.

**٢- دەرئەنجامەکان:**

دوا بەدوای کۆتاییهاتنی ئەم توێژینەوەیە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجام و وەڵامی کێشە و پرسیار و گریمانەکان دەگەینە چەند دەرئەنجامێك لەوانە:

١. سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆی ئاهەنگسازی لە جیهاندا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی شانۆ لە یۆنان لە سەدەکانی پێش زایین.

٢. سەرەتای ئەم ڕەوتە شانۆییە بەدۆخێکی ئاینی دەستی پێکرد لە مەراسیمەکانی خواوەند (دیۆنیسیۆس) و بەرە بەرە پەرەی سەند و لە دواییدا لەو دۆخە ئاینییە تەوق دراوە دەرچوو و سەربەخۆیی وەرگرت.

٣. لە سەرەتای حەفتاکانەوە ئەم شانۆیە لە کوردستان سەری هەڵدا و لە نمایشەکانی مامۆستا (ئەحمەد سالار)ەوە بووە سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی شانۆی ئاهەنگسازی کوردی.

٤. کەلەپوور و کەلتووری ڕەسەنی کوردی کەرەستە و هەوێنی سەرەکی شانۆی ئاهەنگسازی کوردی بووە.

٥. شانۆی ئاهەنگسازی عەرەبی و تایبەت مەغریبی ئەوەی لەلای هونەرمەندی عەرەبی (عبدالکریم برشید) سەری هەڵدا زیاتر شانۆیەکی ئاهەنگی ئاینی بووە.

٦. شانۆی ئاهەنگسازی کوردی و تایبەت ئەوەی لەلای هونەرمەند (ئەحمەد سالار) سەری هەڵدا زیاتر شانۆیەکی ئاهەنگی نەتەوەیی بوو و هزری نەتەوایەتی تێیدا زاڵ بوو.

٧. شانۆی ئاهەنگسازی کوردی شانۆیەکی دەستەکۆمەڵی و هەروەزی و تاڕادەیەکیش جەماوەری و میللییە و بە جۆرێك بینەران زۆر جار دەبنە بەشێك لە شانۆ و تێکەڵی دەبن.

٨. شانۆی برێخت و تایبەت لابردنی دیواری چوارەمی شانۆ ڕەنگدانەوەی بەشانۆی ئاهەنگسازی کوردییەوە هەبوو بەو جۆرەی زۆرێك جار ئەکتەرەکان لە ناو جەماوەرەوە نواندنیان دەکرد و تەختەی شانۆ و شوێنی بینەران دەبوونە یەك پارچە و تێکهەڵکێشی یەکدی دەبوون.

## ٣-ڕاسپاردە و پێشنیازەکان:

دوابەدوای کۆتاییهاتنی ئەم توێژینەوەیە و گەیشتن بە دەرئەنجامەکان و وەڵامدانەوەی پرسیاری سەرەکی بابەتەکە، چەند ڕاسپاردە و پێشنیازێك گەڵاڵە بووە بۆ ئەو کەسانەی لەبواری شانۆدا فێرخوازن یاخود ئەوانەی خەون و بەعەشقەوە لە هونەری شانۆ دەڕوانن و تایبەت بەو کەسانەی کە لە بواری ئەکادیمی هونەری شانۆدا ئەسپی خۆیان تاودەدەن و وێڵن بەدوای زانیاری و زانستی ئەکادیمی و دەیانەوێت ئاشنا بن بەشانۆی ئاهەنگسازی، ئەوانیش لەم چەند خاڵەدا کورت دەکەمەوە:

١. بۆ ئاشنابوون و ناسینی شانۆی ئاهەنگسازی سەرەتا پێویستە بگەڕێینەوە بۆ دەستپێکی شانۆ لە یۆنان کە شانۆی ئاهەنگئامێزی ئاینی بوو.

٢. بۆ تێگەیشتن و ناسینی شانۆی ئاهەنگسازی کوردی دەبێت بەهەمان شێوە بگەڕێنەوە بۆ سەرەتای مێژووی سەرهەڵدانی شانۆی ئاهەنگسازی لە کوردستان.

٣. کەلەپوور سەرچاوە و کەرەستەیەکی سەرەکی شانۆی ئاهەنگسازی کوردییە بۆیە دەبێت شارەزا و ئاشنای کەلەپووری دێرینی کوردی بین بۆ ئەوەی ئاشنای شانۆی ئاهەنگسازی کوردی ببین.

٤. بۆنە و مەراسیمە کوردییە دێرینەکان بە بۆنە خۆش و ناخۆشەکانەوە لە شانۆی ئاهەنگسازی کوردیدا ڕۆڵیان هەبووە و بابەتی شانۆییەکان بوون ، بۆیە پێویستە ئاشنای ئەو بۆنانە ببین .

٥. ڕووداوە مێژووییە کوردییەکان و ئەفسانە و داستانە کۆنەکان بەهەمان شێوە هەوێنی بابەتی بەشێك لە شانۆ ئاهەنگسازییە کوردییەکان بوون، بەو واتایەی بۆ ئەوەی لە شانۆی ئاهەنگسازی کوردی تێبگەین یان بمانەوێ کاری تێدا بکەین دەبێت بەتەواوی شارەزای مێژووی دێرینی نەتەوەی کورد ببین بەر لەهەموو شتێك.

## ٤-لیستی سەرچاوەکان:

١. باندوليفى (١٩٧٩)، فيتو-ترجمه- الاب الياس زحلاوى: تاريخ المسرح. ط. ١، منشورات وزارة الثقافه والارشاد القومي، دمشق.

٢. بەرزنجی (٢٠٠٨)، یاسین قادر: فەرهەنگی شانۆ. چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٣. تەنیا، حەسەن (١٩٨٥)، شانۆ و شانۆی کوردەواری. چاپی یەکەم، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، بغداد.
٤. جامی، نیهاد (٢٠٠٠)، چەمکی ئاهەنگ لە شانۆی سالاردا. گۆڤاری هونەر، ژمارە ٩-١٠، دهۆك.
٥. حماده، أبراهيم (١٩٧١)، معجم المصطلحات الدرامية و المسرحية. ط ١، دار الشعب، مصر.
٦. دين (١٩٧٢)، الكسندر-ترجمة- سامى عبدالحميد: العناصر الاساسية لاخراج المسرحية. ط١، دار الحرية للطباعة،بغداد.
٧. ڕەئووف، دانا (٢٠٠٥)، تیۆرەکانی دەرهێنانی شانۆیی. چاپی یەکەم، چایخانەی سەردەم، سلێمانی.
٨. سلام ، هانى أبو الحسن(٢٠٠٦)، سيميولوجيا المسرح بين النص و العرض. ط ١، دار الوفاء للطباعة والنشر، الاسكندرية.
٩. سمۆ ،ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠٠٧)، شانۆی کوردی لەنێوان دەقی خۆماڵی و بیانیدا بەنموونە هەندێ لە بەرهەمەکانی ئەحمەد سالار. نامەیەکی دکتۆرا، هەولێر.
١٠. أرستو ، طاليس (١٩٧٣)، فن الشعر، ترجمة: عبدالرحمن بدوي، ،ط ٢، دار الثقافة، بيروت.
١١. عبدالواحد، أحمد سالار (٢٠٠٤)، ڕۆژانی گوڵڕەنگ و شانۆی سالار. چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.
١٢. غمبار، كمال (٢٠١٤)، أحمد سالار رائدا و مؤسسا للمسرح الاحتفالي الكردي المعاصر. ط ١، دار الثقافة والنشر الكردية، بغداد.
١٣. کەریم، سەلام فەرەج (٢٠٠٩)، گەشەسەندنی درامای کوردی. چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.
١٤. كوستانتين (١٩٩٧)، ستانسلافسكى، ترجمة: شريف شاكر، أعداد الممثل (في المعناه الابداعية). ط ١، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.
١٥. هوايتنج، فرانك. م (١٩٧٠)، هوايتنج، ترجمة: كامل يوسف- رمزي مصطفى-ديرينى خشبة- بدرالديب-محمود السباع، المدخل الى الفنون المسرحية. ط ١، دار المعرفة، القاهرة.

## ملخص

### دور المسرح الاحتفالي في عرض المسرح الكوردي

المسرح بشكل عام فَنُ عَريقُ يمَتَلك تأريخاً عريقاً، بدايات حضوره يعود الى الاغريق والتي تُعرف بِبَلَد الام للمَسرَح، منذ بداياتهِ ظهرت بأسلوبٍ أحتفالي وتَطَورَت، أذا للمسرح الاحتفالي تأريخ عريقُ، وهذا الاسلوب كان لَهُ مَردودً شاملً على المسرح الكوردي، هذا البحث متكون من أربع فصول وعدة من المداخل ، ويلخِص البحث مَردودات المسرح الاحتفالي على المسرَح الكوردي ثم إنعكاساتهُ في واقع المَسرح الكوردي، وكيف تُمكنَ المسرحيون الكورد من الاستعانهِ والاستلهام من ماضيهِ تراثاً وتأريخاً وأن تُستَغَل كل ذلك في هذا النمط من المسرح الاحتفالي؟ إذا محاولة جادة للاجابة على كل الاسئلة وتعريف بالمسرح الاحتفالي في العالم وخاصة المَسرح الاحتفالي الكوردي. في الفصل الاول ركزنا على الموضوع وأهداف البحث وصفة ذلك المسرح مع تبيان حدودهِ الفكرية والادبية وثم حدود مفهومه ومصطلحاتهُ، أما في الفصل الثاني فقد ركز على بداية تعريف نظرية هذا المسرح، ثم ذُكرَ الشخصيةَ في هذا النوع من الدراما أو من الاحتفالية، كما لكلٍ من السينوغرافيا والتراث لهم أدواراً رئيسياً في هذا النوع من الدراما والتي أشيرت اليها في هذا البحث، وقد أخذنا بنظر الأعتبار كل من المسرح الأحتفالي الكوردي وتجربة المسرح الأحتفالي المغربي التي في المدخل الثالث والاخير ذكرت بشكل واضح، في الفصل الثالث التغريب كنموذج للمسرح الأحتفالي الكوردي أستَشهِدتُ بمسرحية (اليوم الذي تحولَت السَمَكة الى الذئب) نحللها، وخاتماً كَكلِ الأبَحاث العلمية الأخرى موضوع البحث و تحليلهُ و مناقشة النتائج و الاستنتاجات ثم الاقتراحات ومصادر البحث، وبشكل عام هذا البحث مدخل للتعارف وتعريف المسرح الاحتفالي العالمي ووجودهُ وإنعكاساتِهِ في عرض المسرح الاحتفالي الكوردي في عملية تطور المسرح الكوردي في كوردستان - العراق، ثم تحليل عناصر المكَونه للاحتفالية الكوردية بكل أنواعها.

# Abstract

## The Role of the Ceremonial Theater in the Performance Kurdish Theater

Theater is an ancient art and has an old history. The beginnings of its emergence date back to Greek times. This country is such that is called the homeland of theater. From the beginning of its emanation of this art, it started in a festive way and developed; it means that the festive theater has got a memorial history; and this movement has hadan effect on the Kurdish theatrical shows.

This research involves four chapters and some prefaces that clearly and overall emphasizes on what is the impact of festive theater on Kurdish theater? What is the reflection of the festive theater on Kurdish Theater? How has Kurd taken advantage of its culture, history and past and used them in this kind of theater? This means that this research gives the answers of the above questions; and it is also an attempt to introduce the world theater in general and Kurdish festive theater in particular. In the first chapter, the problem, importance, objectives, limitations and definition of the expressions have been presented. However, in the second chapter and the primary prefaces as an introduction definition, the theory of this theater i.e., the festive one has been discussed and the very personality of this theater demonstrated where scenography and heritage have played a great role in the festive theater. In this research, it has been referred to Kurdish festive theater, Moroccan Festive Theater experience and. In the third preface, the Salar Theater has been launched precisely. In the third chapter, alienation, the festive theater, The Day Where The Fish Became a Wolf, as an example. The final chapter, as any other scientific research, the subject of the research, discussion, conclusions, recommendations, resources list; all these to which referred. In general, this research is regarded as a preface for getting familiar and introducing of the world festive theater, and the role and reflection of Kurdish festive theater show. Moreover, it is to present the role of Kurdish festive theater as to developing the movement and the current of theater in Kurdistan. It also aims to analyzing Kurdish festive main materials, elements, and components with its different kinds. All in all, this research is the presentation of the aspect of the world festive theater and the role of this theater in the Kurdish theater demonstration .